ستۆكهۆڵم
2005/05/04

پرسەو سەرەخۆشی

بەداخ و پەژارەیەكی زۆرەوە ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2005/05/04 هەواڵی كۆچی دوایی مامۆستاو ڕوشنبیرو نووسەری گەلەكەمان كاك مەحمود مەلا عیزەت بە ئێمە گەیشت .

بەم بۆنە ناخۆشەوە چ خۆم و چ براكانم و چ ئەندامانی بنەماڵەكەمان لە سوید بەشداری خەم و پەژارەو ناخۆشی گەلاوێژخانی هاوسەری كاك مەحمود و ئەندامانی خێزان وكەسوكارو بنەماڵەكەیان دەكەین و بەگەرمیی سەرەخۆشییان لێدەكەین بەو هیوایەی ئەمە دوا ناخۆشی بێ كە ڕوودەكاتە ئەوان و كاك مەحمودیش تەمەنی درێژی بۆ ئەندامانی خێزانەكەی جێهێشتبێت .

كاك مەحمود یەكێك بوو لەو پیاوە ڕۆشنبیرانەی لە هەوڵ و تێكۆشانێكی بێوچاندا بوو بۆ خزمەتكردنی گەل و نیشتمانەكەی و توانی لە دوای خۆی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری بە نرخ جێبهێڵێ و كتێبخانەی كوردی پێ دەوڵەمەند بكات .

عارف كەریم ، مەعروف كەریم ، حەسەن كەریم
ستۆكهـــــــــۆڵم ـ 2005/05/04